سابت عەباسی: هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی ئەمنی

سابت محەمەد عەباسی، وەزیری بەرگری عێراق لە میانەی بەشداری کردن لە 13مین پێشانگای ئاسایش و بەرگری و پیشەسازی سەربازی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕایگەیاند، هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی ئەمنی بەمەبەستی دەستبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی و هوبەوبونەوەی ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە.

سابت محەمەد عەباسی، ئەمڕۆ شەممە لەمیانی وتارێکیدا لەکاتی کردنەوەی 13مین پێشانگای ئاسایش و بەرگری و پیشەسازی سەربازی ڕایگەیاند، ئەو کەمپانیایانەی کە ناویان تۆمارکردوە بۆ بەشداریکردن لە پێشانگاکە، بە وریایی و توانای دابینکردنی تەکنەلۆژیای بەرگری مۆدێرن تایبەتمەندن.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانجی پێشانگاکە سودوەرگرتنە لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرگری و پلانەکانی پەرەپێدانی سیستەمی ئەمنی.

وەزیری بەرگری عێراق باسی لەوەشکرد، کارەکان بەردەوامن بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی ئەمنی بەمەبەستی دەستبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی و هوبەوبونەوەی هەمو ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە.